# حاجی حەمە ساڵح ئەحمەد گوندی قەیتول:

# بەخێربێن وەبان چاو وادەزانم ئەنفالەکانتان بۆ هاوردوومەتەوە

دیدار: ئەنفالستان

پاش ئەوەی بەخێرهاتنی کردین، لەچێشتەنگاوێکی گەرمی گوندی قەیتولدا لەناوزیکەوجریوەی پەرەسیلکەکاندا دیدارەکەمان لەگەڵ حاجی حەمە صالح ئەنجامدا. سەرەتا حاجی خۆی سەری قسەی دامەزراندو ئیمە هەرئەوەندەمان لەسەربوو دەست بنێین بە دوگمەی ریکۆردەرەکەدا حاجی ووتی: ئەوساڵ ئەنفالەکە گوتی گوتی ئەوە پەیدابوو کەوا جەیش‌و جاشێ زۆر ها بەرێوەو هجومتێ، هجومتێ بووە قسەی سەرزاری خەڵك . ئێخۆشتان ئەیزانن گشت عالەم کوڕخۆی خۆش گەرەکە ساتێك لەناوگشت عەشرەتەکە دیاری بوون تازە رۆیشتن فایدەی چی.

**مام حاجی کورەکان هەرلەگوندەکەدا گیران ؟**

نە نە خۆمان رۆیمان بۆقادکەرەم نەیانهێشت بەهقی قورئان نەم ئەهێشت یەك کورم بگیرێ چونکە من ماوەیەك لەشاخ هەورامان لەگەڵ مەلامستەفا بووم .

**ئەی کورەکان لەناو ئاوایدا گیران یان لەناوقادرکەرەم گیران ؟**

نە خۆمان چوین وەدوایانا هێنامانەوەو چوین بۆ قادرکەرم ووتیان عافواتەوهەرچی نەیەتەوە ئەیگرین‌و ئەیکەین وەدوای سەیارەیا ئەوە تۆقاندمانی .

**کێ ووتی عافواتە ؟**

لەناحیەکەوە لەناو قادرکەرمەوە.

**کێ بوو پێی وتن ناتان زانی کێ بوو ئەوەی بەتۆی ووت؟ ناوێك کەبیرت بێتەوە؟**

ئەوانەی وا بانگەوازی کرد نایەتەوە بیرم نازانم کێ بوو، بەس قاسم دڕی منالی ئێمەی گرت.

**کورەکانت ناویان چی بوو؟**

محەمەد،کورە گەورەکەمە ماڵ‌ومندالی هەبوو ئەمە ماڵو منالْ ئەوە تەحسین کوڕئەوە(مەبەست ئەو ماڵەی کەلێی دانیشتبووین) ئەوەکەی ترنەژادی ناوە ئەویش ماڵ‌ومنالەکەی لەولاوە خۆم شەوبەمیوانی هاتومەتە لایان تەنیاکوڕێکی لێ بووە، ئێستا خانویەکمان لێکردووە ئیستا دایکەکەیان بەبۆنەی کورەکەوە رۆیوەتە ئەویێ ئەوەکانتریش بیەکیان لوقمانی ناوە ئەوەکەی تریشیان ناوی ئازادە ماڵەکەی ها لەپشتەوە .

**ئازادیش ژنی هێنابوو؟**

ئائا ئیستا 3 زەعیفەی هەیە (مەبەست لەوەیە 3کچی لەدوا بەجیماوە) تەنها یەکیکیانم ژنی نەهاوردبوو کچێکم هەبوو عازەبوو وتم بۆی ئەدەم بەژن ئەجەل نەیانیهێشت. ئەم ئەنفالە بووە ئەجەل‌ونەیهێشت.

**ئەی تۆ خۆت ئەی پیرە ژنەکەت؟**

پیرەژنەکەمیش تەیارە لێیداو خوا لێمی سەندەوە.

**لەکوێ لێیدا لەدەشت لەکوێ؟**

هەرلەحەوشەکەی خۆمان لەدەرگای حەوش. ئەگەر ئەو تەیارە لێیدا منیش رامکرد هۆشم نەما لێفەیەکم داوە خۆما وتم کیمیایی ئەهاوێژێ وەلاهی ئەگەر لێفەکەمداوە خۆما هۆشمهاتەوە.

**مام حاجی بیرتە ئەوکاتەی کە کورەکانتان بردو تەسلیمتانکرد..**

خۆمان تەسلیممان نەکرد، هاوردمان ئینشەاللە قایمیانکەین.بیاندەینەلاوە ئینجا بانگەوازیانکرد وتیان هینە چیە عافواتەوکەس ناگیرێ مەگەر ئەوەی لەدەشت بمێنێتەوە لەهەرکوێیەك بگیرێ ئەیکوژین‌وئەیدەین لەدوای سەیارەوەو گێژی ئەدەین. ئێمەش لە ترس ئەوە هاوردماننەوە بۆلای خۆمان قاسم دڕی لە ژوورقادرکەرەمەوە مەرکەزە ئالەویانقتەیان دانوی ( سەیتەرەیان دانابوو) هات گلیانی داوە.

**مام حاجی تۆ دڵنیابووی قاسم دورەیی بوو؟**

ئا ئەرەوەللە ئەوبوو

**ئەی دوای قسەت لەگەلیانەکرد بلیی کورەکا نمان بۆ بەربدەن ؟**

نەوەللە قسەم لەگەلیانەکرد ئەگەر بمزانییایە وەپارە بەبەردەبن ئەوکاتە پارەمان بوو تازە مەکینەو شتمان فرۆشتبوو، ئەمما کەس نەبوو دەلیلیم بکاو پێمبێژی بلێ بەو لەونە کورەکانت بەردەبن.

**دواجار کە کورەکانت بینی چۆن بوو قسەی چیتان کرد؟**

دواجار هێشتا ئیوارە نەهاتبوو نەوەلا ئێوارە هات وەملیانا کورە باتۆزیك فکرەوەکەم ئێستا فکرم وەك جارانەماوە(...) ئینجا خالۆیەکیان بوو وتم برۆ بۆلایان ئیتر من خۆم رۆیم کچە عازەبەکەم دەستمی گرت دوانیانم دەرکردوو وتم رۆلە نەمتوانی هەمووتان دەرکەم بەیانی ئەو دوانتانیش دەرئەکەم جوندیەکی عارەب بەدیارمانەوە وەستابوو وتی ( حجی لاتخاف باچرعگب باچر وزعون علی ربایە ماربایە ئنتم بیتکم یودون الی چمچمال ینتوك گاع‌وفلوس حتی سوی بینا) ئابەولەونە منی غافڵکرد چونکە دوساڵ سجن بیمە نەختێ تیدەگەیشتم منیش ووتم رۆلە ئەم برامە یژێ پێنج‌ودوو رۆژێتر گشتتان تەوزیع ئەکەن وەبان رەبایەداو نەترسن. بەیانی هەڵساین وتیان شەو گشتیان باڵ بەستکردووەو چاویان بەستووەو کەس نازانێ بۆکوێیان ئەبەن ئەوە پشتئێمەی شکاند ئێمە ئەگەر بمانزانیبا بەخوا یەك منداڵمان نەئەهاتەوە مەگەرخۆی ئەدا بەکوشت،بەخواخۆمیش چاوم بوایە لەحدود هەورامانا دەمکردن بەو دیوا

**باشە مام حاجی حاجی کورەکانت ئەوە 18سالە لێت دابراون قەت خەوت بەکورەکانتەوە دیوە؟**

ئەرێ ووالڵەهیی کورە گەورەم دیوە وەخەو کورە گچکەلەم نەدیوەوەخەو وەاللە دیومە ئەما ئازادیان ئەوەی ناوەنجی کەم نایەتە خەوم

**بۆچی ؟ وەڵلەهی نازانم لەبەرچی بێژم لەبەرچی فەقیربوو زۆر فەقیربوو.**

**کە ئەهاتنە خەوت چیتان باس دەکرد؟**

وەڵلەهی ئێستا نایەتەبیرم چونکە ئیسە وەکو جاران نیمە جاران قسەیەکیان بکردا لەبیرمەوە نە ئەچوو بەلام منئیسە عەمرم وابۆسەد ساڵ ئەچی من گرانیەکەم هالە بیر گرانیەکە چەند ساڵەکا ؟ ها وەاللەهی من زۆر غایەت‌وتاقیبی ئەم عەمرەش ئەکەم غایەتی کەس نیە وەراستی بیژێ ئەوەنە ساڵ عەمرتە ئیسە من ساڵێ ساڵ‌ونیوێ دوای خۆرگیرانەکە بویمە گرانیەکە لەدوای ئەو ئینجا هاتۆتە بانمانا.



حاجی حەمە ساڵح ئەحمەد

باشە مام حاجی کە کورەکان گیران لە ساڵ ئەنفالەکە **ئەی خۆتان نەگیران هەرئەوان گیران؟**

کوڕەکان چی؟

**هەرئەوان گیران خۆتان نەگیران؟**

ژن‌و منداڵ نەگیران؟

نابەس کورەکان گیران.

**ئەی خۆت نەگیرای؟**

منیان بۆکەرکوك برد.

**دوای گیرانی کورەکان کەستان نەچوون تاقیبیان بکەن؟**

نەوەاللە خۆهەر کوڕ من نەوو پاشان کێ بچێ هەمووی گیرابوو خۆم خافز بووم من 22 ساڵە حافزم .

**ئەی چیتانکرد دوای ئەوە ؟**

چیمانکرد هەرچاوەروانی کوشتینی ؟

**ئەی دوای ئەوەی سەدام روخا هیچتان نەبیست؟**

بیستمان گۆڕیان وەکۆمەڵ دۆزیوەتەوە

**ئەی ئەوساکە وەزعتان چۆن بوو خەیاڵت بۆچی ئەچوو؟**

خەیالم بۆئەوە ئەچوو گشتیان هەر وەزینووی زیندە وەچاڵکران.

من چوومە سەرگۆرەکان هەموو گۆرەکانی جنووب گەراوم.

( حاجی گورێکی دایەبەر خۆی‌و سەری هێنایە پێشەوە) ئیێ؟! دەی توخوا دەی؟ من چوومە .

ئەها دەی توخوا؟

**هەموو گۆرەکانی جنوب گەراوم بەلام رەنگە ئێستا نەتوانم بەووردی بۆت باس بکەم بەلام رێك ئەوەی تۆ ئەیلێی وابوو.**

بەدەم هەناسەیەکی ساردەوە وابوووە؟ ئەی نالێم !

**ئەی حەزناکەیت بچیت شکات لە سەدام بکەیت؟**

ئێمە ؟ نەك سەدام حوسێن ئەوەی کەلەیەلیشیا بووبێت کوردیش بێت‌و چەکی هەڵگرتبێت بەمن بێ هەروەدەست خۆم کوت کوتی کەم؟ دەکرێت؟

بچم لە کوێ شکاتی لێبکەم من حافزم ئەگەر یەکیك بێت بمبا بە رێ وەلله چۆن ناچم!!

**ئەی کەس نەهاتووە لێتان بپرسێ بلێت کێ کوڕی ئەنفالە کێ شکاتی لە**

**بەعسیەکان هەیە؟**

نە بەخوا حەرام ؟ کەس نەهاتووە؟ ئەها بابێژم پێت ئێسە ئێوە ئەولادمن وەك کور خۆموان، ئەو جاشانەی وا ماڵومناڵ ئێمەیان ئەنفالکرد ئێسە وا کورستانیش ئەخۆن.

**ئەی چی بەو جاشانە دەڵێی کە ئیمەیان ئاوا لێکرد؟**

ئەوانە؟ لە سەدام خراپتر. کوری خۆم من چاوم نیە فەقەت گوێم هەیە دڵمیش لە ئاست ئەوانە رەقە. ئێسەکە ئەو مام جەلالە نیە؟ ئەو مام مەسعودە نیە؟ حەزەکەم ئەوانەی وا ئەو رۆژە چەکیان بۆحکومەت هەلگرتووە گشتیان گشتیان ئەگەر کورخۆشم بێت

**ئەی ئەو پێشمەرگانەی کاتی خۆی لە قەیتول بوون یان دۆستوناسیاوتان بوون وخزمەتتانکردوون؟ ئێستا دێن سەردانتان دەکەن؟**

وەڵاهی پێشمەرگە، چونکە من چاوەکانم نیە (دڵی پڕبووە... ) نەهاتوونە، نەبەخوا ( لێرەدا حاجی دەست دەکات بەگریان بەڵام هەردرێژەی بەقسەکانی خۆیدا) نەوەللە کەسیان نەهاتوونە بڵێن ئەرێ ئختیارەکە تو خاوەن چیتە خاوەن چی نیت؟ چیت گەرەکەو( بەگریانەوە) چیت گەرەکنیە؟ بەدەم گریانەوە کاکە ئەوانە نان ئێمەیان بری بەخوا.

بەخوا مام جەلال ئەلێرەکەوە بە سوپایەکەوە ئاوەك ئێستاکە نەورۆز بوو حاجی شەریف وملکۆو سیامەند ئەلێرە جەژنەیەکیانکرد ئیتر دنیا پێوەبیوو. من ئەوساکە وەگور بوویم، وەك ئێساکە لێنەکەوتوویم، ماڵم لەوبەرەوە بووی، لای تاوێرەکە،(مەبەستی تاوێرێکە لەناوقەیتول) بەخوا خۆم هەڵناکیشم مانگ نەبوو سەرم لێنەدا یانی ئاوها دەست رۆو میوانداربوویم. کەمام جەلال لێرەوە هاتەبان منیش سوودفە دام وەلایا رۆیم بۆکەرك برایەکم هەیە لەوێ مەلا حەمەومین مەشهورە، لەخانەقا مدیر هینە، کورە بیرمەوە چوو ئیمام خەتیب بویی، رۆیم بۆلای ووتم کاکە شووکور سەرکەوتین. ووتی چۆن ؟ ووتم برا سوپامان وایەولەشکرمان وایەو وەتۆپو وەهاوەنووەتفاقەوە یاویانەتە لای قەیتولاو شوکر ئینشەالله سەرئەکەوین، ئەویش وتی

نابرا هەتا ئیقلاب نەبێ ئێمە زەحمەتە سەرکەوین، ئەمە ئەو ووتی براگەورەکەم، حکومەت لەناوخۆیا ئیقلاب نەکات زەحمەتە سەرکەوین.

**ئێستا چی بەو پێشمەرگانە، بەوبەرپرسانە ئەڵێی کەوانایەن بۆڵاتانوسەرتان لێنادەن؟**

وەاللەهی بێژم چی رۆلە گیان هەتا ئێمە ئەرزوفەلاحەتمان بوو هەمووشتێکمان نایەبان ئەوان هەموی بۆئەوان بوو فەقمانکردن لەگەڵ مندالخۆمان هەموو ژیانمان نایە بان ئەوان هەمووتەمەنمان نایە بان ئەوان توخوا وازیان لێبێنە.

**مام حاجی ئەگەر بەیانی من بێم وبڵێم ئەتبەم بۆ مەحکەمەکەی سەدام تۆ ئامادەی بێیت شایەتی لە سەر سەدام بدەیت؟**

ئەرێوەالله تێم کوری خۆم ئەی چۆن نایەم وەالله تێم ئەگەر ئیعدامیشم کەن. من رۆلە ئاگر لەجەرگم بەخوا ئەگەر وەمن دەبوو.

**ئەی شکات لەکێی تریش دەکەیت؟**

لەکێی تریش ؟ وەاللە لەهەموو دوژمنێك لەکوردو لەعارەب دەی خۆ هەر عارەب نەبوو ئەوکورگەلەی فەوتان کورەکان من قاسم دوری بردیانی.

**ئەی بۆ قەت شکاتت لەو قاسمە نەکردووە؟**

براکەم من ێژم چاوم نیە ئێسە ئەگەر ئەومناله دەستم نەگرێ لێرەیا دامنیێ کەس وام نەما.

**ئەگەر من لە جەریدەیەك بنوسم شکات بکەیت لە قاسم دورەیی بیکەم؟**

ئەرێ وەاللە بیلێ لەبەرچی لەبەر ئەوە نیشان ئەوە بێت لە ژوور قادرکەرم لەئاسیا قایر ئەولای پێیژن رەبایەی دانیابوو منالەکانم کەنیشکەکانم کەیبوانی ئەم کورەمە ئەم مالە بێژین دایك مامۆستا تەحسینوکاکە یاسین ناردمن منالەکانیان لەو هەردە هاوردەوە ئەو لەویا گرتنی هەتا وتیان نازانم بارق بووە ئەی کێ بووە، ئەویش لەوێ بووە ئەمان قاسم دوری گرتوونی چونکە ئەگەر ئەو مەیلی بوایە ئەو زەعیفیە لەوێ هاوردیان بارقیش بیبردنایە ئەو مەهانەیەکی لێئەگرت بابە ئەمانە زەعیفەن هیچ نین. فەقەت درۆیان ئەکرد کوردەکەیش خۆی دوژمن خۆی بوو.

**بۆچی درۆیان ئەکرد، خۆ ئەوان هیچیان بەدەست نەبوو ئەوان پێش لەشکربوون؟**

بۆئەوە درۆیانکرد ئەیاننیانبرد سوار سەیارەیانیان ئەکردنوساردیان ئەخواردوفشەیان ئەکرد ئەیانووت بەیانی خەڵاتمان ئەکەن کو کامیان خەڵاتکریان. کورە کورێ عەولکەریم هەیەر خزم خۆمانە هاوسێی خۆمانە هاتبووە سەردوکانەکە ساردی ئەخوارد فشەی ئەکرد، دورلە رووی ئێوە پێم ووت کورە نەیژی جاشم باوك جاشیش بیت من ئەهمێتی پێنایەم، دورلە زووی ئێوە یژم .

**مامە حاجی ئەو کاتەی ئەنفالەکەبوو واکورەکانتانیانگرت ئەی دێکەیان چی لێکرد؟**

کاکە دێکەیان من رەنگە دوعەمبار سێ عەمارگەنموجۆم بوویێ ناوماڵ باشم بوو عەرزبکەم تفاق فەلاحەتم بوو، دوکانم بوو گشتی هەروا رۆی تالانکریا بەخوا دوکان وانەبوو لەم گوزەرەیا.

**کێ دوکانەکەی تالانکرد؟**

جاش بردی حوکمەت بردی بەلام بە زۆری جاش بوو بردی. جامن قسەی ئەوەمیش نەکرد لە قادرکەرم دانیشتبووین لەمالێکا لەماڵ خەزووری مەلا مەجید رەنگە ئێوەش بیناسن، لەوێ ووتم مامۆستا تۆ برۆ ئاخر خوارزای مەلا مەجیدن کورەکانم ووتم برۆ بۆلای منداڵەکانم ووتی من ناتوانم خۆت برۆ باشترە لەوێ بینیم ئافرەتێك هات رووەو عەسکرە عارەبەکە رووی لێنا دەستی ماچکرد ووتی رێمبدە بابچم بۆلای براکانم رێی نەدا دووسێ قامچی پیامالی ووتی دەستم ماچ مەکە ئەوسا دەستم ماچکە نازانم لەکویا چی بووە. ئینجا یەکێ تریان هات بینی من حافز بوویم لە یەل کەنیشکەکەما ئیزنمی دا کورێ برازام هەیە نەژات لە کورەگەورەکەم خوارترە ئێستا ئەوە مەراقمە کورە گەورەکەم برای یاسین ئەو رۆژە هات ووتی باوا تۆباوك منت خۆش نەگەرەك، چونکە تۆ باوك منت دەرنەکردۆسە دەشتەوە قسەی لەیەلا بکەیت، ووتم رۆڵە کوێرایم دایێ تۆ هەقت هەیە ئەما بەخوا رۆلە من وام زانی بەیانیەکەی ئەچمەوە گشتیان دەرەئەکەم نەمزانی گشتی دوانزەکورمان گیراوە گشتی براوبرازا.

**تۆ چویت لە قادرکەرەم کورەکانت کردە دەشتەوە قسەت لەگەل نەژادو ئەواناکرد لەگەڵ محەمەددا نەتکرد؟**

لەمەرکەزەکە دوانیانم دەرکردە دەشتەوە کورەکەی مەلاحەمەدەمین برام لەیەل کورە کەوەرەکەم نا ئەمکە یان بچوکترە کورخۆم ئەو دوانەیانەم دەرکرد ووتم نەوەکا هەموویانم بۆ دەرنەکەن قسەیان لەتەکا بکەم ووتم بەیانی تێمەوە لەگەڵ ئەوانیش قسەیان لەتەکا ئەکەم لەدەستمچوو نەینمبینیەوە جا ئێستەش قژەی جەرگمدێ بۆ کوری کورەکەم برای یاسینە براگەورەکەی کە پێی ووتم باوا تۆ بۆلەگەڵ باوام قسەت نەکردووە.

**تۆ دلت لەکوێ بووەو ئەم لەکوێ تۆ ووتووتە نەکابڵێن ناهێلین بیانبینی بەتەما بویت بەیانی بچیتەوە ئەوانی تریش ببینی؟**

ئائا ئەرێ بەخوا ووتم بەیانی گشتیان دەرئەکەم هەتا رێبدەن دەریان ئەکەمە دەشتەوە قسەیان لەیەلا ئەکەم ، بەیانی هەستاین وتیان بابە هەموویان چاویان بەستراوەتەوەو قۆلیان بەستریاوەو سواریانکردن کەس نازانێ بۆکوێیانبردن.

**نەتان زانی ئیتر پرسیارتان نەکرد؟**

نەوەالله لەکێ پرسیارکەین؟

**ئەوانەی کەرۆیشتنوئەنفالکران کەسیان نەگەراونەتەوە بۆ ئەمدێیە؟**

بۆ ئەم دێیە؟ کوورِ بەنە دەست نەکەوتەوە، یەکێك نیە گەرابیتەوەو پرسیاربکەین لێی بپرسین چیان لێ بەسەرهات. ئەوانەی کەرۆینە کالیەکە چی ناوە ئەمەی کە حەپسی تیا ئەکەن مامۆستا ئەمەی کەئێستا حەپسی تیا ئەکەن چی پێ یژن، ئەمانە نا کەوا عەشایەرەکان بەعزێکی رۆی ئەما تاقم ئەنفال کەنقوم کریان ئەورۆینەی رۆین ئێستاش سۆراخیان نیەو کەسیان نەگەرانەوە. ئەوەنە نەبێت وا وتیان گشتیان لە گۆر بەکۆمەڵدا دۆزراونەتەوە. کورە ئەوەی بەسەرئێمەهات هەربنەماڵەی خۆم کورو براوبرازا وەکەیبانومەوە دوانیانیشم شەهیدە. کورێکیشم لە شاخی خەجەلەرزۆك پێشمەرگەووبوو شەهید بوو هێنامانەوە ئێرە تەسلیمانکردەوە.

**ئەی سۆراخی کورەکانت نەکرد لەوانەی چوبوونە تۆپزاواو دوایی هاتبوونەوە؟**

نانە کەس نەی دیبون فەقەت یەك تاقە ئافرەتێك نەبێت لە هینەکان، چی ناوە ؟ ... نوگرەسەلمان، ئەوە ووتی هێشتا نەیانبردبووین بۆ نوگرە سەلمان، نەژادم دیووە باقلم لە تۆپزاوا دیبووی.

**کورەکانت منداڵیان لە پاش بەجێماوە؟**

یەکیانم خاوەن چوارکوروپێنج کچ یەکیانم خاوەنی 3 کچوکورێکی هەیە یەکیان 3کچی هەیە خۆمیش کەنیشکێ عازەبم لە یەل بوویە باقی مەنی ئەوی تری ئەنفالکریا.

**ئەی حکومەتی هەرێم موچەتان پێنادا؟**

وەاللەهی ئەنفالانە نەبێت، ئێستاخۆم معاش ئەیلولم گەرێ هەبوایە، چونکومن لەشاخی هەورامان لەیەل پێشمەرگەیا بووم،من مالو منالم جێهیشتووەو قەوەتیانبویم، ئەمەیەکی، دوو خیزانم شەهید کریا وەقەسفی تەیارە، ئیژن هاومالْ ناکرێ وەشەهید، کەچی ئێستا هاورێی خۆم معاشی شەهید هاو مالی هەیە، ئیختیارانەشم هەروا رۆیی."حاجی ماوەیەك بێدەنگ بوو" لە پڕیکا ووتی جا مامۆستاگیان ئەوا جەماعەت دانیشتوون ئێستاوا ئەزانم کورەکانم زیندووەوە ببون کە ئێوە هاتوونە سوعال لەمن ئەکەن، زۆرم پێخۆشە کەوا یەکێك بێت لێمانبپرسێو سەرمانبدەن، بە سەر راوەشاندنەوە : نەهاتوونە

**دەمەوێ پرسیارێکت لێبکەم تۆپێت خۆشە ئەم حیکایەتە پر لەناسۆرانە بلاو بکرێنەوە لە کتیبو رۆژنامەدا؟**

ئەرێ وەاللە پێمخۆشە شەورۆژ هەرباس ئەنفالبکرێت.

**ئەم قسانەی تۆلەگۆڤارێکدا بلاو دەبێتەوە ناوی ئەنفالستانە ،هەر باس ئەنفالو کیمیاباران ئەکا.**

ئەرێ وەاللە زۆرم پێخۆشە هەرباس ئەنفال بکەنوناوی بێرن، گەرەکمە لەبیرنەچێت ، عەرزت بکەم ئێستە من وەسیەت ئەکەم بۆ کورەوکورِم رۆلە باقەت ئەنفال لەیادنەچێولەبیریمەکەن، قەت لەوەتای مردنبووە هیچی ئێشی ئەنفالی نیە. هیچی (گریان هێرشی بۆهێنا) هیچی ئێشی ئەنفالی نیە هیچی.